بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقايعی كوردستان

رۆژنامـەی رەسمیی حكـومەتی هەرێمی كوردسـتانە / وەزارەتـی داد دەری دەكـات

ژمـارە(٤٩) سالّی پێنجـەم ٢٠٠٤/٩/٤ ز (١٣)ی گەلاوێـژ ٢٧٠٤ كـــوردی (١٩)ی رەجـەب ١٤٢٥ی كـۆچی

## لەم ژمـارەیـەدا :

49


- **یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٤** ل١
  **یاسای یەكەم هەمواركردنی یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی (١٩٩٩)ی خانەنشینی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمی كوردستانی ـ عێراق**

- **یاسای ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٤** ل٢
  **یاسای خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاكانی هەرێمی كوردستانی عێراق**

- **بڕیاری ژمارە (٥١)ی ساڵی ٢٠٠٤ ی پەرلەمان** ل٥
  **متمانە دان بە (٦) وەزیر**

- **بەیاننامەی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٤)ی پەرلەمان** ل٦
  **راستكردنەوەی چەند هەڵەیەكی چاپ**

- **بەیاننامەی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٤ی وەزارەتی داد** ل٨
  **كردنەوەی (تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی عینكاوە)**

- **بەیاننامەی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٤ی وەزارەتی داد** ل١٠
  **كردنەوەی (تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی سمێل)**

- **بەیاننامەی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ی وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری** ل١٦
  **كردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری پلان) لە دیوانی وەزارەت**


www.moj-kurdistan.com
www.geocities.com/waqaea
e.mail: waqaea@yahoo.com

ناونیشـان: هـەولێر باڵەخـانەی وەزارەتی داد
بـەدالـــە (٢٢٣١٨٢٣ _ ٢٢٣١٨٣٦ _ ٢٢٣١٤٣٣)

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان


الجريدة الرسمية لحكومة أقليم كوردستان العراق – تصدرها وزارة العدل

العدد (٤٩) السنة الخامسة ٤/٩/٢٠٠٤م (١٣) گەلاویژ ٢٧٠٤ ك (١٩) رجب ١٤٢٥ هـ


## في هذا العدد


- قانون رقم (٣٥) لسنة ٢٠٠٤ ص١٧
  **قانون التعديل الاول لقانون تقاعد اعضاء المجلس الوطني لاقليم كوردستان ـ العراق رقم (١٣) لسنة ١٩٩٩**
- قانون رقم (٣٦) لسنة ٢٠٠٤ ص١٨
  **قانون تقاعد اصحاب الوظائف العليا في اقليم كوردستان العراق**
- قرار برلمان كوردستان رقم (٥١) لسنة ٢٠٠٤ ص٢٠
  **منح الثقة لـ (٦) وزراء**
- بيان رقم (١) لسنة ٢٠٠٤ لبرلمان كوردستان ص٢١
  **تصحيح بعض الاخطاء المطبعية**
- بيان رقم (١) لسنة ٢٠٠٤ لوزارة العدل ص٨
  **فتح ملاحظية التسجيل العقاري في عينكاوه**
- بيان رقم (٢) لسنة ٢٠٠٤ لوزارة العدل ص١٠
  **فتح ملاحظية التسجيل العقاري في سميل**
- بيان رقم (٦) لسنة ٢٠٠٤ لوزارة الزراعة والري ص١٦
  **فتح (مديرية حسابات التخطيط) في ديوان الوزارة**



www.moj-kurdistan.com
www.geocities.com/waqaea
e.mail: waqaea@yahoo.com

البدالة (٢٢٣١٨٢٣ _ ٢٢٣١٨٣٦ _ ٢٢٣١٤٣٣)

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ٣٥**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٤/٧/٢٥**

پشت بە حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەن، لە دانیشتنی ژمارە (٤٥)ی رۆژی (٢٠٠٤/٧/٢٤)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی / ٢٠٠٤**
**یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی (١٩٩٩)ی**
**خانەنشینی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی هەرێمی کوردستانی - عێراق**

**ماددەی یەکەم :**
بڕگە (أ) لە مادەەی دووەمی یاساکە هەموار دەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و سکرتێرو ئەندامیش، کاتێ ئەندامێتییان کۆتایی دێت یان لە دەستی دەدەن موچەیەکی مانگانەی خانەنشینی بە بڕی (٧٥٪)ی کۆی مووچەو دەرماڵەی مانگانەی ئەو ئەندامانە وەردەگرن کە لە ئەنجومەندا بەردەوامن.
**ماددەی دووەم:**
ماددەی پێنجەمی یاساکە هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
بەپێی رێژە دیارکراوەکان کە لە یاسا بەرکارەکاندا هاتووە، بەشی خانەنشینی مانگ بە مانگ لە مووچەی مانگانەی ئەندام دادەشکێنرێت.
**ماددەی سێیەم:**
ماددەی حەوتەم هەموار دەکرێ و، ئەسڵی ماددەکە دەبێ بە (بڕگەی یەکەم)ی ماددەکەو، بڕگەیەکی دیکەی بە زنجیرەی (٢) بۆ زیاد دەکرێ وەك ئەمەی خوارەوە:
٢-حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەندامە خانەنشینەکانی ئەنجومەن دەگرێتەوەو، موچەکانیان لە رۆژی بەرکارخستنی ئەم یاسایەوە هەموار دەکرێن.
**ماددەی چوارەم:**
هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.
**ماددەی پێنجەم:**
ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان

**د.رۆژ نووری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق**

www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عیراق**
**ژمارەی دەرهێنان:٣٦**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٤/٨/٨**

پشت بە حوكمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمواركراوی سالّی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساكارییەش كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی– عێراق، لە دانیشتنی ژمارە(٤٦)ی رۆژی (٢٠٠٤/٨/٧)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەلاّتەش كە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی سالّی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە( ٣٦ )ی سالّی/٢٠٠٤
## یاسای خانەنشینیی خاوەن وزیفە بالاّكانی هەرێمی كوردستانی عێراق

**ماددەی یەكەم:**

ئەم یاسایە، ئەم عینوانە وەزیفییانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١–بریكاری وەزارەت.٢–پارێزگار.٣–راوێژكار.٤–بەرێوەبەری گشتی.٥–شارەزا.٦–سەرۆكانی زانكۆكان و سەرۆكانی هەیئەتەكانی پەیمانگە هونەریەكان وئەندامانی هەیئەتی تەدریسی زانكۆو پەیمانگەكان، ئەوانەیان كە پلەی ئوستادیان هەیە.٧–خاوەن پلە تایبەتەكان .٨–سەرۆك و ئەندامانی كۆری زانیاریی كوردستان.

**ماددەی دووەم:**

ئەوانەی لە سەرەوە ناوبراون، تەمەنیان بگاتە شەست و پێنج سالّ خانەنشین دەكرێن و، لە حالّەتی ئەوپەری زەرورەتیشدا، لەسەر داوای وەزیری پێوەندیدار، ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە خزمەتیان بۆ ماوەی (٣)سێ سالّ درێژبكاتەوە، دوای ئەوەش، چار نییەو، دەبێ خانەنشین بكرێن.

**ماددەی سێیەم:**

١–ئەوەی بەپێی ئەم یاسایە خانەنشین بكرێ، مووچەیەكی خانەنشینیی پێدەبرێ بەرێژەی(٥٠٪)ی دوایین مووچەو دەرمالّەكەی و، بۆ هەرسالّێ لە سالّەكانی خزمەتیشی لە وەزیفە ناوبراوەكانی سەرەوەدا رێژەی (٥٪)بۆ مووچەخانەنشینییەكەی زیاد دەكرێ، بەمەرجێ مووچەی خانەنشینییەكەی لە رێژەی(٧٥٪)ی دوایین مووچەو دەرمالّەكەی تێنەپەرێ.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

٢–ئەوانەی کە ئـەم ياسـايە دەيانگرێتـەوەو بـە هۆکـاری تەندروسـتی خانەنـشين دەکـرێن، يـان دەمرن، ڕێژەی (٧٥٪)ی دواين مووچەو دەرماڵەيان پێدەبڕێ، بەبێ ئەوەی گوێ بدرێتە ماوەی خزمەتە فيعلييەکەی لەو وەزيفانەدا کە ناوبراون.

**ماددەی چـوارەم:**

ئەگـەر کەسـێ لەوانـەی لـە مـاددەی يەکـەمی سـەرەوەدا نـاوبراون، خانەنـشين بکـرێ، ئـەوە، سەرپشك دەکرێ کـە بـەپێی ئـەم ياسايە مووچـەی خانەنـشينيەکەی وەربگـرێ، يـان بـە پێـی ياسايەکی خانەنشينيی ديکە کە گرتبێتييەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەوانەی بەپێی ئەم ياسايە خانەنشين دەکرێن و دەرماڵەی هاوسەرێتی و منداڵانيان بەردەکەوێ، ئەوە، بەپێی ئەو ڕێژانە پێيان دەدرێ کە لە ياسا بەرکارەکاندا هاتوون.

**ماددەی شەشـەم:**

ئەوەی خانەنشين بکرێ، بەرتەقای کۆی مووچەو دەرماڵـەی شـەش مـانگی پـێ دەبەخـشرێ بـە پێودانگی دواين مووچەو دەرماڵەکەی. ئەو بەخششە لە هەرێمدا تەنيا يەك جارە.

**ماددەی حەوتەم:**

مـافی خانەنـشينی، دوای مـردن، بـۆ وەرەسـەيە. ئـەو وەرەسـانەش کـە مـافی خانەنـشينيان بەردەکـەوێ، بـەپێی حوکمـەکانی ياسـای ژمـارە(٣٣)ی هــەموارکراوی سـاڵی ١٩٦٦ياسـای خانەنشينيی مەدەنی و بەپێی ئەو بڕيارانەش کە لەم بارەيەوە دەرهێنراون، پێيان دەدرێ.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەوانەی حوکمەکانی ئەم ياسايە دەيانگرێتەوە، لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا، لە مـافی خانەنـشينی بێبەش دەکرێن:

١–ئەگەر جەريمەيەکی کردبێ زيانی بە ئاسايشی هەرێم يان بە ئابووريی نيشتمانی گەياندبێ.
٢–ئەگەر بە جينايەتێ يان بە جونحەيەکی ئابڕووبەر حوکم درابێ.
٣–ئەگەر لەسەری ساغ بووبێتەوە کە بە ئەزمی زيـان گەيانـدن بـە بەرژەوەنـدی هـەرێم، لەگـەڵ دەوڵەتێکی بيانيدا دەستی تێکەڵ کردبێ.

**ماددەی نۆيەم:**

١–گلدانەوە(التوقيفات)ی خانەنشينی، لـەو کەسانەی حوکمـەکانی ئـەم ياسـايە دەيانگرێتـەوە، بەپێی ئەو ڕێژانە دادەشکێنرێت کە لە ياسا بەرکارەکاندا هاتوون.

ئــــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی کــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٢-گلدانەوەی خانەنشینی، هی ماوەی پێش بەرکارخستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، هەمووی بەسەریەکەوە دادەشکێنرێن، یان دەکرێن بە قیستی مانگانە، بە مەرجێ لە ساڵێك زیاتر نەترازێ.

**ماددەی دەیەم:**

ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، مافی ئەوەیان هەیە بەپێی حوکمەکانی یاسای ژمارە(٣٣)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٦٦)لە هەر کەموکورتییەکی مافی خانەنشینیی خۆیان ئیعتیراز بکەن.

**ماددەی یازدەم:**

ئەوانەی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، بەر لە دەرهێنانی ئەم یاسایە خانەنشین کراون و بەر ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە کەوتوون، حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوەو مووچەکانیشیان لە رۆژی بەرکارخستنی ئەم یاسایەوە هەمواردەکرێت.

**ماددەی دوازدە:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی سیازدە:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان حوکمەکانی ئەم یاسایە  بخاتە بەرکار.

**ماددەی چـواردە:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نـــوری شاوەیس**
**سـەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێـراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی ـ عیراق**
**ژمارەی بڕیار : ٥١**
**رۆژی بڕیار: ٢٠٠٤/٧/٢٤**

## " بـــڕیـــار "

پشت بە حوكمەكانی بڕیاری ژمارە (٢٤)ی رۆژی (٢٠٠٢/١١/٦)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، ئەنجومەن لە دانیشتنی ژمارە (٤٥)ی (خولی گواستنەوە)ی رۆژی (٢٠٠٤/٧/٢٤)ی خۆیدا ئەم بڕیارەی خوارەوەیدا:

**یەكـەم** : متمانە كرا بەم زاتانەی ناویان لە خوارەوە تۆمار كراوە پلەو پایەكانی بەرامبەر ناوەكانیان پڕ بكەنەوە:

١) سركیس اغاجان مامندو ببێ بە جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دارایی و ئابووری.
٢) بارزان محسن حمدامین دزەیی ببێ بە وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.
٣) سامی فتاح عبداللطیف (سامی شۆڕش) ببێ بە وەزیری رۆشنبیری.
٤) نازنین محمد وسو ببێ بە وەزیری ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێ كردن
٥) ئازاد عزالدین ملا ببێ بە وەزیری كشتوكاڵ و ئاودێری.
٦) فلاح مصطفی بكر ببێ بە وەزیری هەرێم.

**دووەم** : ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە بەركارو لە (وەقایعی كوردستان)دا بڵاو دەكرێتەوە.

**د.رۆژ نـــوری شاوەیس**
**سـەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی ـ عێـراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق**
**ژمارە: ١**
**رۆژ: ٢٠٠٤/٨/٩**

## بەیاننامە

پشت بە حوکمی ماددەی هەشتەم لە یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ١٩٩٩ (یاسای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی رەسمیی (وەقایعی کوردستان) و، لەبەرئەوەش کە چەند هەڵەیەکی چاپ لە هەندێ ماددەو بڕگەی یاساکانی (ژمارە ٢٨، ٣١، ٣٣، ٣٤)ی ساڵی (٢٠٠٤) روویان داوە کە لە ژمارە (٤٨)ی رۆژی (٢٠٠٤/٧/٢٤)ی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاوکراونەتەوە، لەبەرئەوە بەپێویست زانرا کە ئەو هەڵانە دەستنیشان بکرێن و بەم شێوەیەی خوارەوە راست بکرێنەوە.

١) **دەقە عەرەبییەکان:**

القانون رقم (٢٨) لسنه ٢٠٠٤: ناوی دروستی یاساکە: (قانون رقم ٢٨ لسنه ٢٠٠٤، قانون التعديل الاول لقانون وزارة المالية والاقتصاد لاقليم كوردستان العراق رقم (١٣) لسنة ١٩٩٩.

٢) **دەقە کوردییەکان:**

- یاسای ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠٠٤/ ماددەی چوارەم/، بڕگەی دووەم، ٣-بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە: (٣-بەڕێوەبەرایەتی حساباتی پلان و ئەرك و مەسرەف (الكلفة).
- یاسای ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٤/ ماددەی یەکەم/ بڕگەی / ٥-بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

(٥ ـ ئەنجومەن : ئەنجومەنی فێرکردنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا).

- یاسای ژمارە (٣٣) ی ساڵی ٢٠٠٤ / ماددەی هەشتەم / بڕگەی / (٣-سەرۆکی هەیئەتی پەیمانگە تەقەنیەکان) ئەو بڕگەیە زیادەیە، لادەبرێت و ، بڕگەکانی (٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩) دەبن بە (٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨).

-یاسای ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٤ / ماددەی بیست و یەك / بڕگەی ٢ — هـ

لەو بڕگەیەدا دەسەواژەی ((نامەگەل (الرسائل) و دەکەن)) بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە: ((نامەگەل (الرسائل) دەکەن)).

دەسەواژەی (بەشداری کردن) دەبێت بە (بەشداری دەکەن).

- یاسای ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٤ / ماددەی بیست و سێ / بڕگەی ١- و: لەم بڕەیەدا دەسەواژەی (پلانەکانی ساڵانەو پلانەکانی پێنج ساڵی) دەبێت بە: (پلانەکانی پێنج ساڵی و .. ..).

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

- ياسای ژماره (٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٤ / ماددەی بيست و چوار / بڕگەی ٢ — ج: لەم بڕگەيـەدا وشەی (بەرنامەگەلی) دەبێت بە: (پڕۆژەگەلی).
- ياسای ژماره (٣٣) ی ساڵی ٢٠٠٤ / ماددەی سـی و دوو / بڕگـەی ٢-: ئـەم بڕگەيـە بـەم شێوەيه دەخوێنرێتەوە: (٢-سەرۆكی هەيئە دوو ياريدەدەری لە هەڵگرانی بڕوانامـە باڵاكـان دەبێت).
- ياسـای ژمـاره (٣٣) ی سـاڵی ٢٠٠٤ / مـاددەی چـل و نـۆ / بڕگـەی ٥-: لـەم بڕگەيـەدا دەسەواژەی: (فرمانبەرو لێكۆڵەر منحەی دارايی) دەبێت بـە (فرمانبـەر و لێكۆڵـەر و منحـەی دارايی.. ..).
- ياسای ژماره (٣٤) ی ساڵی ٢٠٠٤ / ماددەی حەوتەم / بڕگەی ٢-: لەم بڕگەيـەدا وشـەی (وەزيريش) دەبێت به (سەرۆكيش).
- ياسـای ژمـاره (٣٤)ی سـاڵی ٢٠٠٤ / مـاددەی هەشـتـەم / بڕگــەی ٤-: لـەم بڕگەيـەدا دەسەواژەی (ياساگەلی بەكار و ) دەبێت بە: (ياساگەلی بەركار و.. ..).

ئــــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

وەزارەتی داد
بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی
بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان
ژمارە/٣٣٣/٤
ڕێکەوت/٢٠٠٤/٤/٤

## بەیان ژمارە (١)

بەپێی بڕگە (٢) لەماددەی حەوتەم لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٩ی هەموار کراو، پشت بەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوەو بۆ بەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندا بە:

١) کردنەوەی تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرە لە شارۆچکەی عینکاوە.
٢) سنووری کاری ئەم کەرت و پارچە زەویانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت.
٣) بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانووبەرە بۆی هەیە هەرکەرت و پارچە زەویەکی تر بخاتە سنوری تێبینەرایەتیەکە کە بەپێویستی دەزانێت.

**هادی علی**
**وەزیری داد**

| ژ | ژمارەی پارچە زەوی | ناو و ژمارەی کەرت | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ | ٥ عینکاوە | قطع مفرزة داخل حدود بلدية عينكاوة |
| ٢ | ٨ | ٥ عینکاوە | |
| ٣ | ٩ | ٥ عینکاوە | |
| ٤ | ١٥ | ٥ عینکاوە | |
| ٥ | ٣٠ | ٥ عینکاوە | |
| ٦ | ٤٠ | ٥ عینکاوە | |
| ٧ | ٤٣ | ٥ عینکاوە | |
| ٨ | ٤٥ | ٥ عینکاوە | |
| ٩ | ٥٦ | ٥ عینکاوە | |
| ١٠ | ٦٠ | ٥ عینکاوە | |
| ١١ | ٦١ | ٥ عینکاوە | |
| ١٢ | ٦٢ | ٥ عینکاوە | |
| ١٣ | ٦٣ | ٥ عینکاوە | |
| ١٤ | ٦٤ | ٥ عینکاوە | |
| ١٥ | ٦٦ | ٥ عینکاوە | |
| ١٦ | ٦٧ | ٥ عینکاوە | قطع مفرزة داخل حدود بلدية عينكاوة |
| ١٧ | ٧٠ | ٥ عینکاوە | |
| ١٨ | ٨٨ | ٥ عینکاوە | |
| ١٩ | ١٠٩ | ٥ عینکاوە | |
| ٢٠ | ١٦١ | ٥ عینکاوە | |
| ٢١ | ١٦٣ | ٥ عینکاوە | |
| ٢٢ | ١٦٥ | ٥ عینکاوە | |
| ٢٣ | ٢٣٠ | ٥ عینکاوە | |
| ٢٤ | ٢٣١ | ٥ عینکاوە | |
| ٢٥ | ٢٣٢ | ٥ عینکاوە | |
| ٢٦ | ٢٣٣ | ٥ عینکاوە | |
| ٢٧ | ٢٣٥ | ٥ عینکاوە | |
| ٢٨ | ٢٣٦ | ٥ عینکاوە | |
| ٢٩ | ٢٣٧ | ٥ عینکاوە | |
| ٣٠ | ٢٣٨ | ٥ عینکاوە | |

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

| ژ | ژمارەی پارچە زەوی | ناو و ژمارەی کەرت | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ٣١ | ٢٦٤ | ٥ عينكاوه | قطع مفرزة داخل حدود بلدية عينكاوة |
| ٣٢ | ٢٧٠ | ٥ عينكاوه | |
| ٣٣ | ٢٧٤ | ٥ عينكاوه | |
| ٣٤ | ٢٩٩ | ٥ عينكاوه | |
| ٣٥ | ٣٠٩ | ٥ عينكاوه | |
| ٣٦ | ٣١٤ | ٥ عينكاوه | |
| ٣٧ | ٣١٥ | ٥ عينكاوه | |
| ٣٨ | ٣١٦ | ٥ عينكاوه | |
| ٣٩ | ٣١٨ | ٥ عينكاوه | |
| ٤٠ | ٣١٩ | ٥ عينكاوه | |
| ٤١ | ٣٢٠ | ٥ عينكاوه | |
| ٤٢ | ٣٢١ | ٥ عينكاوه | |
| ٤٣ | ٣٢٥ | ٥ عينكاوه | |
| ٤٤ | قصبه عنكاوه | تسلسلات | |
| ٤٥ | كادسترو قطع | ٥ عينكاوه | |

| ژ | ژمارەی پارچە زەوی | ناو و ژمارەی کەرت | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ٤٦ | گرد جوتيار | ١ | |
| ٤٧ | گەزنه | ٢ | |
| ٤٨ | رشكێن | ٦ | |
| ٤٩ | شمعون ئاوا | ٧ | |
| ٥٠ | تورەق | ٨ | |
| ٥١ | باغلو مناره | ٩ | |
| ٥٢ | سوێرى | ١٠ | |
| ٥٣ | كرك | ٤٧ | |
| ٥٤ | بەحرەكه | ٤٨ | |
| ٥٥ | ئاشوكان | ٤٩ | |
| ٥٦ | گردەچاڵ | ٧٥ | |
| ٥٧ | جەژنيكان افندى | ٧٧ | |
| ٥٨ | جەژنيكان بابكر | ٧٩ | |
| ٥٩ | بلاف | ٨٣ | |
| | | | |

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی داد**
**بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی**
**بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان**
**ژمارە : ٧٧١/٤**
**ڕێکەوت : ٢٠٠٤/٧/١٣**

## بەیان ژمارە (٢)

بەپێی بڕگە (٢) لەمادەی حەوتەم لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٩ ی هەموارکراوە پشت بەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە بۆ بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا:

١) کردنەوەی تێبینەرایەتی تۆمارگای خانووبەرەی سمێل.
٢) سنووری کاری ئەم کەرت و پارچە زەویانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت.

**هادی علی**
**وەزیری داد**

| ز | ژمارەی کەرت | ناوی کەرت | ناوی لادێیەکان | ناوی ناحیه |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٥ | انجەکەصو | ئینجکاسو | باتیل |
| ٢ | ٦ | کروین | کروینی | باتیل |
| ٣ | ٧ | میرکاصور | میرگاسور | باتیل |
| ٤ | ٨ | بیزن | بیزنی ـ کانی عارەب | باتیل |
| ٥ | ٩ | باجدمیری | باجدمیری | باتیل |
| ٦ | ١٠ | کلاسپی | کلاسپی | باتیل |
| ٧ | ١١ | باجدبران | باجدبران | باتیل |
| ٨ | ١٢ | باجدکندال | باجدکندال | باتیل |
| ٩ | ١٤ | خانتوار | خانتەوەر + کومپانیای عارەب | باتیل |
| ١٠ | ١٥ | توسانا | توسانا | باتیل |
| ١١ | ١٦ | مشار | مشارە | باتیل |
| ١٢ | ١٧ | صوریا | صوریا ـ خویکاصوریا | باتیل |
| ١٣ | ١٨ | جبل بیخیر الشرقی | چیای بیخیری ڕۆژهەلات | باتیل |
| ١٤ | ١٩ | کرکل | کرگل ـ ئاڤزیریك ژووری قەرەودە | باتیل |
| ١٥ | ٢٠ | برافوك | پەراڤوك | باتیل |
| ١٦ | ٢١ | مزری | مەزری | باتیل |
| ١٧ | ٢٢ | کیشکان | کەشکان | باتیل |
| ١٨ | ٢٣ | ئیملك | ئیمەلك | باتیل |
| ١٩ | ٢٤ | کیلك | گوندی کیلك | باتیل |
| ٢٠ | ٢٥ | بغلوجه | بەغلوجە | باتیل |

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com

| ز | ژمارەی کەرت | ناوی کەرت | ناوی لادێیەکان | ناوی ناحیه |
|---|---|---|---|---|
| ٢١ | ٢٦ | چيمنيا | چیمەنیا | باتيل |
| ٢٢ | ٢٧ | هفشى رشد | هەفشی رەشد | باتيل |
| ٢٣ | ٢٨ | چم زران | چەم زران | باتيل |
| ٢٤ | ٢٩ | ئەشكفته | ئەشکەفتی | باتيل |
| ٢٥ | ٣٠ | افخان | ئافخان | باتيل |
| ٢٦ | ٣١ | بيجيل عليا | بيجيك ژووری | باتيل |
| ٢٧ | ٣٢ | بيجيك سفلى | بيجيك ژيری | باتيل |
| ٢٨ | ٣٣ | كومبل | کومبەل | باتيل |
| ٢٩ | ٣٥ | قصر ملا تيب | قەسرا مەلا تەیب ـ کوندی خراب دیم ـ کومەلگاها خراب دیم | باتيل |
| ٣٠ | ٣٦ | كرعابور | کرئابور ژیری ـ کرئابور ژووری | باتيل |
| ٣١ | ٣٧ | خراب مالك | خراب مالك | باتيل |
| ٣٢ | ٣٨ | جوبانيا | جوبانيا | باتيل |
| ٣٣ | ٤٢ | كاڤل دريژ | كل ڤل دريژ | باتيل |
| ٣٤ | ٤٣ | حزار | هزار | باتيل |
| ٣٥ | ٤٤ | شكراوا | شەکراڤا | باتيل |
| ٣٦ | ٤٦ | افزربك ميرى | ئافزربك ميری | باتيل |
| ٣٧ | ٤٩ | باورده | کوندی باوردی + کومەلگاها باوردی شکەڤدەل + سیف دیجن | باتيل |
| ٣٨ | ٥٠ | كانى كرك | کانی کەرك | باتيل |
| ٣٩ | ٥١ | كراو صحان | کرئوسحان | باتيل |
| ٤٠ | ٥٣ | سولان | السولان | باتيل |

ئـــــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

| ز | ژمارەی کەرت | ناوی کەرت | ناوی لادێیەکان | ناوی ناحیه |
|---|---|---|---|---|
| ٤١ | ٥٢ | اسماعیل ئاڤا | سمائیل ئاڤا + کوملگاها | باتیل |
| ٤٢ | ٥٤ | بامیر | بامیر | باتیل |
| ٤٣ | ٥٩ | باستکی سفلی | باستکی ژیری | باتیل |
| ٤٤ | ٦٤ | مال هسن | مال هەسن | باتیل |
| ٤٥ | ٦٥ | بافییا | باڤیا | باتیل |
| ٤٦ | ٦٦ | کر رشد | کره رشد ـ کولگاها باستکی | باتیل |
| ٤٧ | ٦٧ | باستکی علیا | باستکی ژووری ـ جادرگەها پەناهندە | باتیل |
| ٤٨ | ٦٨ | باتیل | باتیل ـ کوماگاها باتیل | باتیل |
| ٤٩ | ٦٩ | بالقوس | بالقوس چیری ـ ژووری | باتیل |
| ٥٠ | ٧٠ | قرقور | قەرقویر | باتیل |
| ٥١ | ٧١ | العاصی | ئاسی | باتیل |
| ٥٢ | ٧٢ | هاجیا | هاجیا | باتیل |
| ٥٣ | ٧٣ | کرشین | کوندی کرشین ـ کومەلگاها کرشین | باتیل |
| ٥٤ | ٧٤ | ترکزا | ترکزا | باتیل |
| ٥٥ | ٧٥ | قادیه | قادیا | باتیل |
| ٥٦ | ٧٦ | کولی | کۆلی | باتیل |
| ٥٧ | ٧٧ | خربنور | خربەنور | باتیل |
| ٥٨ | ٧٨ | براڤ | بەراڤ | باتیل |
| ٥٩ | ٩٨ | جیل بیغیر الغربی | چیای بیغیری رۆ | باتیل |
| ٦٠ | ٥١ | کمونه | کەمونا / دێرك | فایدە |

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

| ز | ژمارەی كەرت | ناوی كەرت | ناوی لادێیەكان | ناوی ناحيە |
|---|---|---|---|---|
| ٦١ | ٦١ | تل خشن | تلخشا مەزن / تلخشا بجويك | فايدە |
| ٦٢ | ٦٢ | صلاحيە | صالحی | فايدە |
| ٦٣ | ٦٣ | دۆسكە | دۆستەكا | فايدە |
| ٦٤ | ٦٤ | كانی گوڵان | كانی گوڵان | فايدە |
| ٦٥ | ٦٥ | سێك | ستيك / ووشتيان | فايدە |
| ٦٦ | ٦٦ | ركابە دەناوی | ركاڤا دنانيا / چيای ركاڤا | فايدە |
| ٦٧ | ٦٨ | خبرشتە | خبر شتيا | فايدە |
| ٦٨ | ٦٩ | شێخ خدری | شێخ خدری | فايدە |
| ٦٩ | ٧٠ | سينا الغربيە | سينا روژئاڤا | فايدە |
| ٧٠ | ٧١ | سينا الشرقيە | سينا روژهەلآت | فايدە |
| ٧١ | ٣ | قصر يزدين | قەسر ئيزدين | مركز قضاء سيميلّ |
| ٧٢ | ٤ | المنصوريە | مسيرك/ لەزەكا/ خراپ كولك | مركز قضاء سيميلّ |
| ٧٣ | ٥ | صوركا | | مركز قضاء سيميلّ |
| ٧٤ | ١٠ | دلب | دولب ژيری/ ولب ژوور/ تەناهی/ ئالوكانوی | مركز قضاء سيميلّ |
| ٧٥ | ١١ | سمل | سيمێلّ | مركز قضاء سيميلّ |
| ٧٦ | ١٥ | طنك دلب | سەرتەنگ | مركز قضاء سيميلّ |
| ٧٧ | ١٦ | حوشك | حەوشك | مركز قضاء سيميلّ |
| ٧٨ | ١٩ | كطبة | گودبە | مركز قضاء سيميلّ |
| ٧٩ | ٢١ | ماڤان | ماڤان | مركز قضاء سيميلّ |
| ٨٠ | ٢٢ | تل زيت | تل زێت | مركز قضاء سيميلّ |

ئـــــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

| ز | ژمارەی كەرت | ناوی كەرت | ناوی لادێیەكان | ناوی ناحیه |
|---|---|---|---|---|
| ٨١ | ٢٣ | سيد ظاهر | سەيزار | مركز قضاء سيميل |
| ٨٢ | ٢٩ | هجيرك | هەژيركێ | مركز قضاء سيميل |
| ٨٣ | ٣٨ | مروين | مەرينا (گوند)/ مەرينا (كومەلگەها) | مركز قضاء سيميل |
| ٨٤ | ٣٩ | گرى كور | گرى كەورێ | مركز قضاء سيميل |
| ٨٥ | ٤٠ | كلێبن | كولێينێ | مركز قضاء سيميل |
| ٨٦ | ٤٣ | كيڤلان | كيڤلا | مركز قضاء سيميل |
| ٨٧ | ٤٦ | چەم ياشايه | چم باشا/جديدە/ روتك/ سێ قويا/خەندەك | مركز قضاء سيميل |
| ٨٨ | ٤٨ | چلوان | چالوان | مركز قضاء سيميل |
| ٨٩ | ٤٩ | بدليه مع طبران | بەدەليا | مركز قضاء سيميل |
| ٩٠ | ٥٠ | كرديمين | كەردێنيب / كيلك | مركز قضاء سيميل |
| ٩١ | ٥٣ | گرماوا (حمداغا) | گەماڤا حمد ئاغاى | مركز قضاء سيميل |
| ٩٢ | ٥٤ | هاجسته | هاجستێ | مركز قضاء سيميل |
| ٩٣ | ٥٥ | دارى | دارێ | مركز قضاء سيميل |
| ٩٤ | ٥٦ | كانسبى | كانى سپى ژيرى / كانى سپى ژوورى | مركز قضاء سيميل |
| ٩٥ | ٥٧ | بۆسريان | جوجهان | مركز قضاء سيميل |
| ٩٦ | ٥٨ | سەرشور | سەرشور | مركز قضاء سيميل |
| ٩٧ | ٥٩ | كرڤيل | گرفيل | مركز قضاء سيميل |
| ٩٨ | ٦٠ | حقيل | حزقيلێ | مركز قضاء سيميل |
| ٩٩ | ٩٨ | هوريسك | هەڤريسك | مركز قضاء سيميل |
| ١٠٠ | ٦١ | سروكانى | سەروكانى / كومەلگەها سەربازگەها حقيلێ | مركز قضاء سيميل |

ئەرشيفى ڕۆژنامەی وەقايعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

| ز | ژمارەی کەرت | ناوی کەرت | ناوی لادێیەکان | ناوی ناحیه |
|---|---|---|---|---|
| ١٠١ | ٦٢ | باطرشه | باترشا | مرکز قضاء سیمیلّ |
| ١٠٢ | ٦٣ | کواشه | کواشیّ | مرکز قضاء سیمیلّ |
| ١٠٣ | ٧٢ | شینری | سیجیّ | مرکز قضاء سیمیلّ |
| ١٠٤ | ٧٣ | قشافر الشرقیه | قەشافرا روژهەڵات | مرکز قضاء سیمیلّ |
| ١٠٥ | ٧٢ | قشافر الغربیه | قەشافرا روژئاڤایی | مرکز قضاء سیمیلّ |
| ١٠٦ | ١١١ | جبل قشافر | چیایی قەشەفریّ | مرکز قضاء سیمیلّ |
| ١٠٧ | ١١٩ | جبل جوجهات و هجیرك | چیای جوجهانی و هەژیریکیّ | مرکز قضاء سیمیلّ |
| ١٠٨ | ٣٩ | تربسی | تربه سبی / کزیتا / کون سیخور | مرکز قضاء سیمیلّ |
| ١٠٩ | ٤٠ | افتحل | ئافته حلیّ | مرکز قضاء سیمیلّ |
| ١١٠ | ٤١ | قوطی | قوتی | مرکز قضاء سیمیلّ |

ئــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێـری**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیـوان**
**بەڕێوەبەرایەتی كارگێڕی و خۆیەتی**
**ژمـــارە: ٣٦٧١**
**رێكەوت : ٢٠٠٤/٨/٣**

**بەیـــان ژمـارە ( ٦ )**

پاڵپشت بە بڕگە / ٢ لە مادە / ٢ لە یاسای ژمارە/ ١٠ ی ساڵی / ٢٠٠٠ (یاسای یەكەم هەمواركردنی یاسای وەزارەتمان ژمارە / ١٠ ی ساڵی / ١٩٩٢).

بڕیارماندا بەكردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری پلان) لەدیوانی وەزارەتمان لە رۆژی دەرچوونی ئەو بەیانە.

**أزاد عزالـدين مـلا افندی**
**وەزیـــری كـشـــتـوكاڵ و ئاودێـری**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان – العراق**
**رقم الإصدار : ٣٥**
**تاريخ الإصدار : ٢٠٠٤/٧/٢٥**

استناداً لحكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) والمادة (٥٣) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق، وما شرعه المجلس بجلسته المرقمة (٤٥) والمنعقدة بتاريخ ٢٠٠٤/٧/٢٤ وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من المادة الثانية من القانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٧ قررنا إصدار القانون الآتي:

## قانون رقم (٣٥) لسنة ٢٠٠٤
## قانون التعديل الأول لقانون تقاعد اعضاء المجلس الوطني لاقليم كوردستان ـ العراق رقم (١٣) لسنة ١٩٩٩

**المادة الأولى:**

تعدل الفقرة (أ) من المادة الثانية من القانون وتقرأ كالآتي:

أ– يتقاضى رئيس المجلس ونائبه والسكرتير والعضو عند انتهاء عضويته أو فقدانها راتباً تقاعدياً شهرياً مقداره (٧٥٪) مما يتقاضاه اقرانه المستمرون في المجلس من مجموع الراتب والمخصصات شهرياً.

**المادة الثانية:**

تعدل المادة الخامسة من القانون وتقرأ كالآتي:
يستقطع من راتب العضو شهرياً الحصة التقاعدية وفق النسب المبينة في القوانين النافذة.

**المادة الثالثة:**

تعدل المادة السابعة ويكون اصل المادة الفقرة الأولى لها وتضاف اليها فقرة أخرى بتسلسل (٢) وتكون كالآتي:
٢–تسري أحكام هذا القانون على المتقاعدين من أعضاء المجلس وتعدل رواتبهم اعتباراً من تاريخ نفاذه.

**المادة الرابعة:**

لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة الخامسة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**د. روژ نوري شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان – العراق**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان – العراق**
**رقم الإصدار: ٣٦**
**تاريخ الإصدار: ٢٠٠٤/٨/٨**

استناداً لحكم الفقرة (١) من المادة (٥٦)والمادة (٥٣)من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل، وبناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء، وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان– العراق بجلسته المرقمة(٤٦)والمنعقدة بتاريخ ٢٠٠٤/٨/٧وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة(٣) من المادة الثانية من القانون رقم(١٠)لسنة ١٩٩٧قررنا إصدار القانون الآتي:

## قانون رقم( ٣٦ ) لسنة ٢٠٠٤
## قانون تقاعد أصحاب الوظائف العليا في اقليم كوردستان العراق

**المادة الأولى :**
يشمل هذا القانون العناوين الوظيفية الاتية:–
١–وكيل الوزارة ٢– المحافظ ٣– المستشار ٤– المدير العام ٥– الخبير
٦– رؤساء الجامعات ورؤساء هيئة المعاهد الفنية و أعضاء الهيئة التدريسية في الجامعات و المعاهد من هم بدرجة استاذ ٧– اصحاب الدرجات الخاصة. ٨– رئيس و اعضاء المجمع العلمي الكوردستاني.

**المادة الثانية:**
يحال المذكورون اعلاه عند بلوغهم سن الخامسة والستين من العمرعلى التقاعد ولمجلس الوزراء تمديد خدمتهم لمدة ثلاث سنوات في حالة الضرورة القصوى وبناءً على طلب من الوزير المختص وبعدها تتحتم، إحالتهم على التقاعد.

**المادة الثالثة:**
١) يستحق المحال على التقاعد بموجب هذا القانون راتباً تقاعدياً شهرياً يعادل (٥٠٪) من الراتب الاخير والمخصصات وتضاف نسبة (٥٪)الى راتبه التقاعدي لكل سنة من سنوات الخدمة في احدى الوظائف المذكورة أعلاه على ان لا يتجاوز راتبة التقاعدي نسبة(٧٥٪)من الراتب الاخير والمخصصات.
٢) يستحق المحال على التقاعد لاسباب صحية من المشمولين باحكام هذا القانون والمتوفي نسبة (٧٥٪) من راتبهم الاخير والمخصصات بغض النظر عن خدمته الفعلية في العناوين الوظيفية المذكورة.

**المادة الرابعة:**
اذا احيل على التقاعد احد المذكورين في المادة الاولى فيخير بين استلام راتبه التقاعدي بموجب هذا القانون او اي قانون تقاعد اخر يشمله.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**المادة الخامسة:**

تصرف مخصصات الزوجية والاطفال للمحالين على التقاعد بموجب احكام هذا القانون وحسب النسب الواردة في القوانين النافذة عند استحقاقهم.

**المادة السادسة:**

تصرف للمحال على التقاعد مكافئة تعادل مجموع رواتبه ومخصصاته لستة اشهر ويكون راتبه الاخير والمخصصات اساساً لصرفها ولمرة واحد في الاقليم.

**المادة السابعة:**

تنتقل الحقوق التقاعدية الى الورثة بعد الوفاة وتطبق احكام قانون التقاعد المدني رقم (٣٣) لسنة ١٩٦٦ المعدل والقرارات الصادرة بهذا الخصوص للمستحقين للحقوق التقاعدية.

**المادة الثامنة :**

يحرم من الحقوق التقاعدية المشمولون بأحكام هذا القانون في الحالات الآتية:

١–اذا ارتكب جريمة ماسة بأمن الاقليم او الأقتصاد الوطني.

٢–اذا حكم عليه بجناية او بجنحة مخلة بالشرف.

٣–اذا ثبت تعاونه مع دولة اجنبية بقصد الإضرار بمصلحة الأقليم.

**المادة التاسعة:**

١–تستقطع التوقيفات التقاعدية للمشمولين بأحكام هذا القانون وفق النسب الواردة في القوانين النافذة.

٢–تستقطع التوقيفات التقاعدية للمدة السابقة لتنفيذ احكام هذا القانون دفعة واحدة او بأقساط شهرية مناسبة للمشمولين به على ان لا يتجاوز سنة واحدة .

**المادة العاشرة:**

للمشمولين بأحكام هذا القانون حق الاعتراض في كل ما يتعلق بحقوقهم التقاعدية وفق أحكام قانون التقاعد المدني رقم (٣٣)لسنة ١٩٦٦ المعدل.

**المادة الحادية عشرة:**

تسري أحكام هذا القانون على المشمولين بالمادة الاولى منه من المحالين على التقاعد من قبل حكومة الاقليم قبل صدوره وتعدل رواتبهم اعتباراً من تأريخ نفاذ هذا القانون.

**المادة الثانية عشرة:**

لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**المادة الثالثة عشرة:**

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الرابعة عشرة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**د. روژ نوري شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان – العراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**
**رقم القرار : ٥١**
**تاريخ القرار : ٢٠٠٤/٧/٢٤**

## " قرار "

استناداً لأحكام القرار (٢٤) الصادر عن المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق في ٢٠٠٢/١١/٦، قرر المجلس بجلسته المرقمة (٤٥) (الدورة الانتقالية) في ٢٠٠٤/٧/٢٤ مايلي:

**أولاً :** منح الثقة للمدرجة اسماءهم أدناه لأشغال المناصب المبينة أزاء كل منهم:

١- سركيس اغاجان مامندو نائباً لرئيس مجلس الوزراء ووزيراً للمالية والاقتصاد.

٢- بارزان محسن حمدامين دزەيی وزيراً للبلديات والسياحة.

٣- سامي فتاح عبداللطيف (سامي شورش) وزيراً للثقافة.

٤- نازنين محمد وسو وزيرةً للأعمار والأسكان.

٥- ئازاد عزالدين ملا وزيراً للزراعة والري.

٦- فلاح مصطفى بكر وزيراً للاقليم.

**ثانياً :** ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**د. روژ نوري شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان – العراق**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**باسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**الرقم : ١**
**التاريخ : ٢٠٠٤/٨/٩**

## بيان

استناداً الى حكم المادة الثامنة من القانون رقم (٤) لسنة ١٩٩٩ (قانون النشر في الجريدة الرسمية ـ وقائع كوردستان) وبالنظر لوقوع اخطاء مطبعية في بعض مواد وفقرات القوانين رقم (٢٨، ٣١، ٣٣، ٣٤) لسنة ٢٠٠٤ والمنشورة في العدد (٤٨) من (وقائع كوردستان) الصادرة بتاريخ ٢٠٠٤/٧/٢٤، لذا صار لزاماً تحديد تلك الأخطاء وتصويبها كما يلي:

**١–في النصوص العربية:**

القانون رقم (٢٨) لسنة ٢٠٠٤: الإسم الصحيح للقانون هو: (قانون رقم ٢٨ لسنة ٢٠٠٤، قانون التعديل الاول لقانون وزارة المالية والاقتصاد لاقليم كوردستان العراق رقم (١٣) لسنة ١٩٩٩.

**٢–في النصوص الكوردية:**

–یاسای ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠٠٤/ ماددەی چوارەم/، بڕگەی دووەم: ٣–تقرأ كما يلي:

(٣–بەڕێوەبەرایەتی حساباتی پلان و ئەرك و مەسرەف (الكلفة).

–یاسای ژمارە (٣٣) ی ساڵی ٢٠٠٤/ ماددەی یەكەم/ بڕگەی/ ٥– تقرأ كما يلي:

(٥–ئەنجومەنی: ئەنجومەنی فێركردنی باڵاو لێكۆڵینەوەی زانستی لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا).

–یاسای ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٤/ ماددەی هەشتەم/ (تحذف الفقرة ٣– بكاملها لكونها مكررە)، أما الفقرات (٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩) فتصحح تسلسل ارقامها فقط الى (٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨).

–یاسای ژمارە (٣٣) ی ساڵی ٢٠٠٤/ ماددەی بیست و یەك/ بڕگەی ٢– هـ: في هذه الفقرة تصحح عبارة (( نامەگەل (الرسائل) و دەكەن)) الى ((نامەگەل (الرسائل) دەكەن)). كما وأن عبارة (بەشداری كردن) تصحح الى (بەشداری دەكەن).

–یاسای ژمارە (٣٣) ی ساڵی ٢٠٠٤/ ماددەی بیست و سێ / بڕگەی ١– و: في هذه الفقرة تصحح عبارة (پلانەكانی ساڵانەو پلانەكانی پێنج ساڵی) الى (پلانەكانی پێنج ساڵی).

–یاسای ژمارە (٣٣) ی ساڵی ٢٠٠٤/ ماددەی بیست و چوار / بڕگەی ٢– ج: في هذه الفقرة تصحح كلمة (بەرنامەگەلی) الى (پرۆژە گەلی).

–یاسای ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٤/ ماددەی سی و دوو/ بڕگەی ٢– تقرأ هذه الفقرة كما يلي:

(٢–سەرۆكی هەیئە دوو یاریدەدەری لە هەڵگرانی بڕوانامە باڵاكان دەبێت).

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

–یاسای ژمارە (٣٣) ی ساڵی ٢٠٠٤/ ماددەی چل و نۆ / بڕگەی ٥–: في هذه الفقرة تصحح عبارة (فرمانبەرو لێکۆلەر منحەی دارایی) الی (فرمانبەرو لێکۆڵەرو منحەی دارایی..).

–یاسای ژمارە (٣٤)ی ساڵی ٢٠٠٤/ ماددەی حەوتەم/ بڕگەی ٢–: في هذە الفقرة تصحح کلمة (وەزیریش) الی (سەرۆکیش).

–یاسای ژمارە (٣٤) ی ساڵی ٢٠٠٤/ ماددەی هەشتەم/ بڕگەی ٤–: في هذە الفقرة تصحح عبارة (یاساگەلی بەکار) الی: (یاساگەلی بەرکار.. ..).

ئــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com